پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو چەند خوێندنەوەیەك

د. بورهان یاسین: ئەو ڕۆژە بەسەرچوو کەکورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێت بەڕاشکاوی ڕای خۆی بدات

2-2

سازدانی: مەجید سالح

و لاتنە یەکطرتووەکانی ئەمریکا ئژۆذەیەکی (ڕۆذهەڵاتی ناوڕاستی طەورە)ی نامادەکردووەء وابریارە لەمانطی حوزەیرانی ئەمساڵدا بیخاتە بەردەست و لاتانی طرووپی هەشت.

ئژۆذەکە لەیەنڕەتدا بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی طشتطیر لەو لاتانی عەرەبی، ئیران، نیسرائیل، ئەفغانستان، تورکیا، ئاکستان خراوەتەڕوو، هەروەها بۆ ئێکەوطرێدانی ئەو و لاتانە لەضوارضێوەی ناویکی نوا (ڕۆذهەڵاتی ناوڕاستی طەورە).. ئێمە لەکوردستانی نوادا ئەوەڕێکی ئایەت بەو ئژۆذەیەمان کردووەتەوەء ئەم ئژسیارانەمان خستووەتە بەردەستی (د.بورهان یاسین)ء سەرەتا ئژسیمان:

*بەزۆری پرۆژەکە جەخت لەسەر گۆڕان لەو لاتە عەرەبییەکاندا دەکات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانەی کەخودی کۆمەڵگای عەرەبی و ئایینی ئیسلام کەمترین زەمینەی ریفۆرمیان تێدایە، ئاستەنگەکانی ئەو پرۆژەیە لەجیهانی عەرەبیدا خۆی لەخۆیدا دەبینێتەوە..؟

-بەڵێ وایە ئەمەش لەبەر زۆر هۆ، کەلێرەدا باوەڕەکەم بوار نییە بوردی بچینە ناویان. بەهەرحاڵ دەکرێت ئەوە بڵێین: کە لەجیهانی عەرەبیشدا بەدرێژایی کات خەڵکانێك هەبوون کەئەك هەر حەزیان بەریفۆرم کردووە، بەڵکو لەڕاستیدا خەباتیشیان بۆکردووەو قوربانیشیان بۆداوە. هەڵبەتە پرسیار ئەوەیە دەکرێت ئەمریکا دەستی بگاتە هێزە ریفۆرخوازەکان لەناوچەداو چۆن دەتوانێست نیازی خۆی بۆ ریفۆرمکاری بداتە پەسەندکردن لەناو میشك و دڵی ئەم هێزو خەڵکاندا.. بەبڕوای من ئەوەی لە 50 ساڵی ڕابردودا ڕوویداوە بەمانای پشتگیریکردنی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و پیادەکردنی هەندێك توخمی سیاسەت کەسەرچاوە فیکریەکەی لەباشترین حاڵەتدا دووڕوویی و لەوەش خراپتر تێکەڵبوونی مەرامی ئیمپریالی و زایۆنی باری وێنەی زۆر ڕەشکردووە لەناو عەرەب و موسڵماناندا. باشکردنی ئەم وێنەیە لەموعجیزە کەمتر نییە. ئەگەر بتوانین وشەی موعجیزە لەپیوەستەگییەکی ئاوەهای سیاسیدا بەکاربهێنین. ڕێك ئەم وێنە خراپەو باوەڕنەبوونە بەئەمریکا، کەبەشێکی گرنگە لەپێکهاتەی کولتووریی سیاسیی ناوچە، کۆسپی هەرە گەورەن لەسەر ڕێگای پەسەندکردنی هەر پرۆژەیەکی ئەمریکا.. گرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە" تاراددەیەك ئەم وێنەیەی ئەمریکا بەهەمان خستیی لەگۆتاری ڕۆتمەکان و توخمی ئۆیۆزیسۆن (جا چ هێزی ئیسلامی بن، چەپ بن یان خەڵکانی ڕۆشنبیر)، بەمانای تر ئەم وێنەیە لەلای ریفۆرخوازو ئەوانەی کەدژ بەریفۆرمن، وەکو یەك وەنگیداوەتەوە.. کەواتە چاککردنەوەی وێنەی خۆ (واتا وێنەی ئەمریکا) لەمێشکی (فەرمی و نافەرمی) تاڵو بەکۆمەڵی خەڵکانی ناوچە.. بەتایبەتی لەناوچەی عەرەبیدا، دەبێت لەلایەکی ئەنوسراوی هەروەگرنگی پرۆژەی ریفۆرمکاریی ناوچەدا بن، بۆ ئەوەی ئەمریکا فرەتی سەرکەوتنی هەبێت لەپرۆژەکەدا، زۆرجار سەرمایەی زەلهێزێك، یان هەر هێزێکی سیاسی، لەشێوەی سەرمایەی مەداقییەت (Credibility)دا هەروەکو دەوڵەمەندی مادەی و هێزی سەربازیی گرنگە، بگرە لەم حاڵەتەی ئێمە باسی لێوەدەکەین گرنگتریشە..

*هەر بەدەرکەوتنی ڕووخسارە سەرەتاییەکانی پرۆژەکە، چەند وڵاتێکی عەرەبی کەوتنە خۆیان و ریفۆرمی ڕێژەییان لەهەندێك بواردا ئەنجامەدا، ئێستا مۆقەعێی ئەوەیانە کەپرۆژەیەکی بەدیل (گۆڕان لەناوخۆ لەدەرەوە) بخەنەڕوو، پێتان وایە عەرەبەکان بتوانن بەلایەنی کەمەوە لەم کۆڕانکاریە سەربەخۆین..؟

-نا، نەخێر هەوڵە عەرەبییەکان ناتوانن سەربەخۆین. دەرکەوتنی ئەنترناتیڤی عەرەبی بۆ ریفۆرم کردارنییە، بەڵکو پەرچەکردارە، هەر ئەوەش ڕێك وامان لێدەکات هەوڵەکان سەربەخۆ نەبینین، هەر نەبێت لەبۆچوونێکی فەلسەفیدا. هەوڵی ریفۆرم لەناوچەی عەرەبی لەبیست ساڵی داییدا، ئەوە هەڵبەتە بەگشتگیرییەکی زۆرەوە، زۆرتر شێوەی پەرچەکرداری وەرگرتووە یان بەمەبەستی پاراستنی هەندێك ڕژێمی سیاسی بووە: لەسەرەتای 1980کان بەتایبەتی لەوڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو وەك کاردانەوەو هەوڵی خۆپاراستن لەشۆڕشی ئێران: لەدوای ناوەڕاستی 1980کان وەك کاردانەوە بەرامبەر گلاسنۆس و پەرەسترۆیکاو کەوتنی کۆمەڵی ڕژێمی توتالیتێر لەئەوروپای ڕۆژهەڵات و داتەریش جەنگی دووەمی کەنداو.. لەگۆتاری عەرەبیدا، بەتایبەت هی ئەرمەی، ئەم ڕۆژانە دەردەکەوێت کەهەوڵەکانی ئەنترناتیڤ لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ گۆڕانکاریی، لەهەوڵی پاراستنی ڕژێمەکانی عەرەبی دەرناچن و هەنگاوی نیگەتیڤانەش بەرامبەر بەهەوڵی ریفۆرم کە لە"دەرەوە" دێنن. بەباوەڕی من ئەم کاردانەوەی عەرەبییە بۆ ریفۆرم بەڵانی کەمەوە ناتوانێت یەکانگیربێت لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمریکادا، چونکە:

1-گۆتاری سیاسیی عەرەبی تائێستاش زۆر بەتوندی دیلی بیرکردنەوەیەکی پۆستکۆلۆنیالییە، بەو مانایە جیهانی ڕۆژئاوا ناتوانێت بیێتە مایەی بەرەوپێشبردن و باشکردنی باری ژیانی ناوچەکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەر هەوڵێکی ڕۆژئاوا بۆ ریفۆرم لەناوچەکەدا هەر دەستێوەردانەو ئەوەی لێیشی دەکەوێتەوە تەنها گرفت و مەینەتی زێترە.

2-ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەپێی یەکەم بەهۆی مللمانێیی عەرەبی-ئیسرائیلی، جەختی زۆرتر لەسەر لایەنی سایکۆلۆژیی مللمانێکە بووە. کاتێکیش باس هاتووەتە سەر لایەنی شارستانیی مللمانێکە، ئەوا بەپێی ئەم بۆچوونە جیهانی ڕۆژئاوای ئیمپریالی (بەتایبەتی ئەمریکا) و زایۆنیزم یەکدەگرنەوە بۆ داگیرکردنی ناوچەو مەحروومکردنی گەلانی ناوچە لەهەموو ئامرازو هۆکارێکی پێشکەوتن. ئەم گۆتاری ناسیۆنالیستی عەرەبییە بەشێوەیەك دیلی بۆچوونی پۆستکۆلۆنیالانە بووە کەدواجار وایلێهاتووە کەبکەوێتە هەڵوێستێکی نیگەتیڤانە بەرامبەر بەجیهانی ڕۆژئاوا و ئەو کولتوورە سیاسییەی لەوێدا بەرهەمهاتووە یان دەوڵەمەند کراوە، وەکو بۆ نموونە بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ. ئەم بۆچوونە کەنەك هەر ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە، بەڵکو هەندێك جار عەرەبی-ئیسلامی و یان بگرە ڕووت ئیسلامی بووە. نەیتوانیوە بنەماکانی سیستمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەکو دوو پێوەرکەی گەردەونی (Universal) و ڕووتکراوە لەنامەنامە ڕۆژئاواییەکانیان ببینێت.

3-ئەو ئاستییەش دەبێت بگوترێت کەڕووی تری دراو نەوەیە کە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، لەماوەی زێتر لە 50 ساڵی ڕابردودا ئەمریکا پشتگیرییەکی بەهێزی لەدەوڵەتی ئیسرائیلی کردووە.

لەمێژوودا (کۆن و نوێ) زۆرجار "ریفۆرم" یان گۆڕانکاریی کراون بۆ پاراستنی بنەما کۆنەکان نەك بۆ بەرهەمهێنانی هەندێك بنەمای تازە، ئەم جۆرە هەوڵانەش تەمەنکورت بوون، یان دواجار ڕێگایان خۆشکردووە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی، هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە لەسەرەتادا مەبەست نەبوون..

بەبڕوای من ئێرە دەرگای گۆڕانکاریی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوەتەوە، ئەمەش بەهۆی زۆر فاکتەرەوە داخستنی ئەم دەرگای گۆڕانکارییەش لەسنووری ناومومکین نزیکترە تا مومکین، بەڵام هەڵبەتە ئەم گۆڕانکارییە پڕگرفت و مللمانێ و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت: ئەمەش بەگشتی سروشتی هەر گۆڕانکارییەکی گەورەیە. بەر لەچەند ساڵێك لەپەرلەمانی تورکیدا نزیکبوونەوەیەکی بەلاغی لەسەر زمانی کوردی کرا کەدەڵێت: ئەگەر هزرەیەك بێ دیواربێت، پێویست ناکات تۆ خۆت ماندوو بکەیت بەدانانی دەرگایەکی پتەو بێ..! بەم مانایە کاتێك بۆ نموونە چەند تەلەفزیۆنێکی ستەلایتی کوردیی هەبێت کەکورد لەتورکیا تەماشایان بکات، ئەوا ڕێگاندان بەتەلەفزیۆنی کوردی لەتورکیا هیچ مانایەکی بۆ نییە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ، کەم یان زۆر، وەکو ئەم هەزرە بێ دیواری لێهاتووە، دەرگادانان بۆی ناتوانێت ڕژێمەکانی نار هەزە بێ دیوارەکە لەتەوژمی گۆڕانکاریی بپارێزێت..

***ئەحاڵەتی جێبەجێبوونی پرۆژەکەدا، ئەو گۆڕانکارییە جۆیۆلۆتیکیانە چین کەپێشبینیی دەکرێت لەناوچەکەدا ڕوویدەن..؟**

-ئەگەر مەبەستمان لەگۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکیی سیاسییەکەی وڵاتەکەیە. زۆر بەگشتی ریفۆرم لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بواری دیموکراسی.. متمانە دەبێنە هۆی گۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکی لەڕەهەندی سیستمی سیاسییەوە.

***ئەخەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پراویز ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کورد چیی پێدەکرێت بۆ ئەوەی لەحاڵەتی جێبەجێکردنیدا بەقازانجەوە دەربچێت..؟**

-بەبڕوای من دەنگێکی زۆر گرنگ کەدەبێت بیێت لەباس و خواسی پرۆژەی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، دەنگی خەڵکی کوردستان و دۆزەکەیەتی. شێتێکی حاشاهەڵنەگرە کەکێشەی کورد بەدرێژایی 80 ساڵی ڕابردوو کێشەیەکی هەرە گرنگی ئیتنیکی-سیاسی بووە کەڕووبەڕووی کۆمەڵێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتەوە. هەتا ئێمڕۆ ئەم کێشەیە بەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی ماوەتەوە.

نکوڵی لێوە ناکرێت کەزلهێزەکان بەئەمریکاشەوە تائێستا ناخوازن کێشەی کورد بەتایبەتەندیەکی خۆیەوە ببینن، بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا وەکو بەشێك لەکێشەی سیاسیی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کەکوردی تێدا دەژی، ببینن. ئەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆربەی کات چارپۆشیش کراوە لەقەواردە و ڕۆڵی ئەم کێشەیە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەلایەکی ترەوە لەڕۆژێکی وەك ئێمڕۆدا گرنگیی بوونی سەکۆیەك یان چوارچێوەیەکی نەتەوەیی کوردستانی کە لەوێدا گوزارە لەپرسە هەرە سەرەکی و گشتییەکان بکرێت و چوارچێوەیەکی هەرە گشتی کێشەی کوردستانی پێناسە بکرێت و بەجیهان بناسێنرێت نییە. لەدەرەنجامێکی وەکو ئێمڕۆدا گومان لەوەدا نییە چوارچێوەیەکی گشتیی ئەوها دەکرا خزمەتێکی گەورە بگەیەنێت. لەپێناسەکەیدا کەسەکۆیەکی ئەوها بەرهەمی دێنێت پێویست نییە سیاسەت سفر یا سد (بەمانای هیچ یان هەموو) پیادە بکرێت، بەڵکو دەکرێت لەپەیڕەی بۆچوونێکی پراگماتیکی و فراواندا گوزارە لەچوارچێوە هەرە گشتییەکەی کێشەی کوردستان بکرێت. بەبۆچوونی من ئێمڕۆش درەنگ نییە ئەگەر هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بەپلە پرۆژەیەکی کوردی (یان تەموێکی کوردی لەسەر هەر پرۆژەیەکی ریفۆرم) بخەملێنن و بخەنەڕوو.

بەباوەڕی من ئەو ڕۆژە بەسەرچوو کە بەهۆی جوگرافیای سیاسیی کوردستان، کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێت بەڕاشکاوی تەموری خۆی بدات بێهێزیی هەر وڵاتێك سیستمە سیاسییەکەی وڵاتەکەیە. زۆر بەگشتی ریفۆرم لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بواری دیموکراسی.. متمانە دەبنە هۆی گۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکی لەڕەهەندی سیستمی سیاسییەوە.

***ئەخەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پراویز ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کورد چیی پێدەکرێت بۆ ئەوەی لەحاڵەتی جێبەجێکردنیدا بەقازانجەوە دەربچێت..؟**

-بەبڕوای من دەنگێکی زۆر گرنگ کەدەبێت بیێت لەباس و خواسی پرۆژەی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، دەنگی خەڵکی کوردستان و دۆزەکەیەتی. شێتێکی حاشاهەڵنەگرە کەکێشەی کورد بەدرێژایی 80 ساڵی ڕابردوو کێشەیەکی هەرە گرنگی ئیتنیکی-سیاسی بووە کەڕووبەڕووی کۆمەڵێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتەوە. هەتا ئێمڕۆ ئەم کێشەیە بەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی ماوەتەوە.

نکوڵی لێوە ناکرێت کەزلهێزەکان بەئەمریکاشەوە تائێستا ناخوازن کێشەی کورد بەتایبەتەندیەکی خۆیەوە ببینن، بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا وەکو بەشێك لەکێشەی سیاسیی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کەکوردی تێدا دەژی، ببینن. ئەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆربەی کات چارپۆشیش کراوە لەقەواردە و ڕۆڵی ئەم کێشەیە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەلایەکی ترەوە لەڕۆژێکی وەك ئێمڕۆدا گرنگیی بوونی سەکۆیەك یان چوارچێوەیەکی نەتەوەیی کوردستانی کە لەوێدا گوزارە لەپرسە هەرە سەرەکی و گشتییەکان بکرێت و چوارچێوەیەکی هەرە گشتی کێشەی کوردستانی پێناسە بکرێت و بەجیهان بناسێنرێت نییە. لەدەرەنجامێکی وەکو ئێمڕۆدا گومان لەوەدا نییە چوارچێوەیەکی گشتیی ئەوها دەکرا خزمەتێکی گەورە بگەیەنێت. لەپێناسەکەیدا کەسەکۆیەکی ئەوها بەرهەمی دێنێت پێویست نییە سیاسەت سفر یا سد (بەمانای هیچ یان هەموو) پیادە بکرێت، بەڵکو دەکرێت لەپەیڕەی بۆچوونێکی پراگماتیکی و فراواندا گوزارە لەچوارچێوە هەرە گشتییەکەی کێشەی کوردستان بکرێت. بەبۆچوونی من ئێمڕۆش درەنگ نییە ئەگەر هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بەپلە پرۆژەیەکی کوردی (یان تەموێکی کوردی لەسەر هەر پرۆژەیەکی ریفۆرم) بخەملێنن و بخەنەڕوو.

بەباوەڕی من ئەو ڕۆژە بەسەرچوو کە بەهۆی جوگرافیای سیاسیی کوردستان، کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێت بەڕاشکاوی تەموری خۆی بدات دەربارەی کێشەکانی ناوچەمەوجۆنیەتیی چارەسەریان. هەر نەبێت لەچوارچێوەی چەند خاڵێکدا دەکرێت کێشەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیەندرێتە هەر نەکتەرێکی نێونەتەوەیی کەڕاستەوخۆ پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەخەملێنێت یان کاریگەریی بەسەردا هەیە، بەتایبەتی ئەوەی لەبەر دەرگایە کۆبوونەوەی گرووپی هەشتە کە لەمانگی حوزەیراندا دەکرێت. کورد ئێمڕۆ لەشێوەیەکی هەرە فراواندا "دەتوانێت بڵێیت"

1-پرچەککردن و میلیتاریزم لەتورکیا و عیراق و ئێران و سووریا کەئەوەش تاراددەیەکی زۆر پەیوەندیی بەحاڵەتی ئاهێمنی و گرژییەوە لەو وڵاتاندا هەبووەو هەیە کەئەوەش دەرهاویشتەیەکی ڕاستەوخۆی کێشەی کورد بووە.

2-ئەم گرژی و حاڵەتی ناهێمنییە کاریگەرییەکی یەکجار زۆر نیگەتیڤانەی هەبووە بۆ سەر پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتاندا، چونکە بۆ ساڵانێکی زۆر لەم وڵاتاندا سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی بەکارهێنداران بۆ بەزەبرو زەنگ "چارەسەرکردنی" کێشەی کورد. ئەم شێوە سیاسەتە ئەك هەر چارەسەری کێشەکەی لێنەکەوتووەتەوە، بەڵکو دەرئەنجامەکەی هەر ویرانکاریی و پرۆسەیەکی تراژیدیاوی بووە.

3-باسکردن لەدیموکراتیزەکردن و پێشکەوتن و گەشەپێدان و فێربوون و کۆمەڵگای شارستانی لەم وڵاتانە فەراهەم نابێت ئەگەر چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی کێشەی کورد نەکرێت.

بەباوەڕی من کورد دەرفەتێکی لەپێشە، ئەمە بەپێی یەکەم ئەرکی سەرشانی سەرانی کوردەو زۆر بەتایبەتییش بەپرسانی هێزە سەرەکییەکان، کەهەموو هەوڵێك بدەن لەڕێگای ئەمریکاو ئەلمانیاو فەرەنسا وڵاتانی تری ئەندام لەگرووپی هەشت و ئەندامانی تری یەکێتیی ئەوروپا لەپێناو هەر نەبێت، بەرستەیەکیش بێت، باس لەکێشەی کورد بکرێت لەسیغەی کۆتایی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، لەم بارەیەوە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بەرپرسیی تایبەتییان دەکەوێتە سەرشان.

ئەگەر ئەکرا لەناو لاپەڕە نووسراوەکانی پرۆژەکە جێگای کورد بێتەوە، دەکرێت بەبیرکردنەوە لەهەندێك شێوازی جیاواز لەشێوە کلاسیکییەکەی بزاڤی سیاسیی کوردیی لەباشوورو جیا لەوەی کە تائێستا ئەمریکاییەکان کردوویانە لەعیراق ڕەوتی ڕووداوەکان بەئاراستەیەکی ترەوا بیردێنت لەوەی کە تائێمڕۆ هەبووە، بەشێوەیەك کەزێتر لەبەرژەوەندیی ئەمریکاو خەڵکی کوردستاندا

ولاتنە یەکطرتووەکانی ئەمریکا ئژۆذەیەکی (ڕۆذهەڵاتی ناوڕاستی طەورە)ی نامادەکردووەء وابریارە لەمانطی حوزەیرانی ئەمساڵدا بیخاتە بەردەست ولاتانی طرووپی هەشت.

ئژۆذەکە لەیەنڕەتدا بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی طشتطیر لەولاتانی عەرەبی، ئیران، نیسرائیل، ئەفغانستان، تورکیا، ئاکستان خراوەتەڕوو، هەروەها بۆ ئێکەوطرێدانی ئەو ولاتانە لەضوارضێوەی ناویکی نوا (ڕۆذهەڵاتی ناوڕاستی طەورە).. ئێمە لەکوردستانی نوادا ئەوەڕێکی ئایەت بەو ئژۆذەیەمان کردووەتەوەء ئەم ئژسیارانەمان خستووەتە بەردەستی (د.بورهان یاسین)ء سەرەتا ئژسیمان:

باوەڕنەبوون بەئەمریکا، کەبەشێکی گرنگە لەپێکهاتەی کولتووریی سیاسیی ناوچە، کۆسپی هەرە گەورەیە لەسەر ڕێگای پەسەندکردنی هەر پرۆژەیەکی ئەمریکا